# ساڵێک تەمەن و خەرمانێک داهێنان

**بەڕیوەبەری نووسین**

لە مانگی تشرینی یەکەمی(2007) گۆڤاری (گەیاندن) ساڵێکی تەواوی تەمەنی تێپەڕاند و دووەمین مۆمی تەمەنی داگیرساند و بەو هیوایەش کاردەکەین و هەوڵ دەدەین هەمیشە لە خزمەتی خوێنەران دابین و گۆڤاری(گەیاندن) دەیان مۆمی تری تەمەنی دابگیرسێنێت. بەرهەمی رەنج و ماندووبوونی ستافی گۆڤار و هاوکارانی گۆڤار لە نووسەران و تەکنیکارانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان لە ماوەی ساڵێکدا (6) ژمارە بووە، کە بە گوێرەی هەڵسەنگاندن و رای خوێنەران بە گشتی و خەڵکی ئەکادیمی بە تایبەتی گۆڤارێکی(تەکنیکی - زانستی)یە و وەکو سەرچاوەیەک لە بواری تەکنیکی گەیاندن پشتی پێ دەبەستریێت. شێوازی میکانیزمی کارکردنی ستافی گۆڤار سەرەڕای دیاریکردن و دابەشکردنی کارەکان بەڵام لە شێوەی کارکردنی کورەی هەنگە و راپەڕاندن و جێبەجێکردنی کارەکانە بە گیانی دەست پێشخەری و گوێنەدان بە ماندووبوون.

بایەخی گۆڤاری(گەیاندن)بەر لە هەمووشتێک لەوەدایە پرکردنەوەی بۆشاییەکی زەق بوو لە بواری رۆژنامەگەری لە کوردستان، ئەویش گۆڤارێکی تایبەت بە گەیاندن بوو، کە گرنگی گەیاندن لەم سەردەمەدا لای هەمووامان روون و ئاشکرایە و بەم پێیەش گۆڤاری(گەیاندن) دەنگێکی نوێ و سەردەمیانەی نێو جیهانی رۆژنامەگەری کوردسنانیە. گۆڤاری(گەیاندن)بەو ئامانجە کاردەکات ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگی ناساندن و ئاشنابوون بە جیهانی گەیاندن کە لە رووی تەکنەلۆژیاوە ئەمڕۆ گەیاندن گرنگترین لایەنی تەکنەلۆژیایە و یەکێکە لە پێداویستیە هەرە گرنگەکانی مرۆڤ لە هەموو جیهاندا تەنانەت بەو کۆمەڵگایانەشەوە کە لە رووی ئابووری و زانستییەوە زۆر پێشکەوتوو نین، وەکو نموونەیەکی بچوک ئەمرۆ ئامێری مۆبایل یەکێکە لە پێویستیەکانی ژیانی رۆژانەی مرۆڤ لە سەرانسەری جیهاندا.

راستە لە کتێبخانەکانی کوردیدا بڵاوکراوە و کتێب هەن لە بارەی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بەڵام بە شێوەی بەرفراوانی ناساندنی گەیاندن نین و بەرهەمی کار و ماندووبوونی نووسەرێکن، نەک لە شێوەی گۆڤار و کاری هاوبەش و بە کۆمەڵ وەک ئەوەی لە گۆڤاری (گەیاندن) دەبینریێت، دیارە ئەم کتێب و بڵاوکراوانەش سوود و بایەخی خۆیان هەیە و شایانی دەستخۆشی لێکردنن. لە دەرچواندنی(گۆڤاری گەیاندن) ئەگەر چی ماندووبوون و شەونخونی بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی ستافی گۆڤار دایە، لە بەرهەمی قەڵەمی هەموو ئەو نووسەر و تەکنیکارانەیە بە تایبەتی دەستەی بەڕێوەبەر و نووسەرانی سایتی زانستپەروەرانی کورد کە بە نووسین و بەرهەمەکانیان لاپەڕەکانی گۆڤاری دەوڵەمەند کردووە و کۆمپانیاکانی گەیاندنیش لە ئەستۆ و لە روانگەی هەستکردن بە بایەخی گۆڤاری(گەیاندن) ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە نەهێڵن کاروانی گۆڤارەکەمان بوەستێنن. لە دووەمین ساڵی تەمەنی(گۆڤاری گەیاندن)با هەموومان هەوڵی داهێنان و بەخشش زیاتر بکەین.